# تەمەن

ئیسماعیل کەریم
ئەڵمانیا

خۆزگەم بە ساڵانێ نەبێ     کەلاوێتیم تیا گوزەر کرد
چاو بە تەم و دڵ پڕ خەمم     بۆ گەنجێتیم کە کۆچی کرد
چۆن هاتوو چوو هەر نازانم     ئەم تەمەنە پڕ لە ژانە
بۆ بەهاری بەختم دەگریم     کە هەمیشە هەر خەزانە
دەروێشی ئاستانەیەک بووم     وەلێ جەخار ئێستە خەونە
خەونم هەبوو، خەونی گەورە     خەونی جوانی پڕ بەم کەونە
خەونی من سەرابێ نەبوو     پەنایە یا سوچێ بگرم
خەونی من خودی ژیان بوو     دەکرا لە پێناویا بمرم
هەموو تەمەن چاوەڕوان بووم     ئازیزێک بێت لە دڵمدا
پشکۆی عەشقی هەڵگیرسێنێ     لە بەستەڵەکی ناخمدا
وەلێ جەخار هەر نەهات وو     ئەم سیبریایی تە نیایمە
لە لام ڕوونە دوا هەواروو     دوا مانزڵ و دواین جێمە